# سەدر ڕەخنە لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی زانکۆکانی ئەمریکا دەگرێت



ئەمڕۆ پێنجشەممە، رابەری رەوتی نیشتمانی شیعی سەید موقتەدا سەدر ڕەخنە لە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی زانکۆکانی ئەمریکا دەگرێت و تەئکیدیکردەوە: کە ڕۆژئاوا پشتگیری لە هەر خۆپیشاندانێك دەكات دژی هەر كەسێك، تەنها ئەوە نەبێت.

سەید سەدر لە پلاتفۆرمی (X)، نوسیویەتی: ئەمڕۆ بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە سەلمێنراوە کە ڕۆژئاوا گرنگی بە قسەی گەل نادات و بە هیچ شێوەیەك گرنگی بە گەلەکەی نادات، هەموومان گوێمان لێ دەبێت و دەبینین چی بەسەر خەڵکی ئەمریکادا دێت کە دژی نادادپەروەری و جینۆساید و پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی هەستاون.

ئاماژەی بەوەشکرد: ڕۆژئاوا پشتگیری لە هەر خۆپیشاندانێك دەكات دژی هەركەسێك بێت، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانەی کە ئیدانەیان دەکەن سەرکوت دەکرێن.